# سەردانی مەزاری نەمران

**ئەمجەد شاکەلی**

پێموایە مەزنیی و تێکۆشان و خەباتی مەلا مستەفای بارزانی و تەرخانکردنی تەواوی تەمەنی خۆی بۆ خزمەتی گەلی کورد و وڵاتی کوردستان، لە هیچ یەکێکی خودان ویژدانی کورد و ناکوردی ئەم جیهانە، شاراوە نییە و هەمووان گەواهی ئەوە دەدەن. مەلا مستەفای بارزانییش، تا لە ژیاندا بوو هەرگیز هیچ کەسێک لەوانەی، کە لێیەوە نێزیک بوونە و ناسیویانە و دیتوویانە و لە سەریان نووسیوە و باسیان کردووە، نە لێیان بیستووە و نە دیتوویانە، کە پیاوێکی، خودا نەخواستە، خۆبەزلزان و خۆهەڵکێش و ڕالەخۆبوو بێت. ئەوەی ناسیویەتی و دیتوویەتی، لێی دەگێڕێتەوە، کە مرۆڤێکی سادە و ساکار و بێفیز و خاکی و گەلێر بووە و هەمیشە خۆی وەک یەکێک لە پێشمەرگەکانی ژماردووە و خۆی وەک یەکێک لە تاکەکانی کورد زانیوە و هەرگیز خۆی لە کەس بە گەورەتر نەزانیوە و ڕقی لە پێداهەڵدان و مەزنکردنەوە و پەسندان و پێداهەڵگوتن بووە. بارزانی ئەگەر ئێستاش لە ژیاندا بووایە، هەروا دەبوو و هەرگیز ڕێگەی بە هیچ کەسێک نەدەدا، کە پێیداهەڵبڵێن و پەسنی بدەن. لە مردنیشدا هەروا خاکی بووە. ئەوەی بنۆڕێتە گۆڕەکەی، ئەو سادەیی و بێفیزییەی بارزانی، بە تەواوی بۆ دەردەکەوێت. ئەورۆ ئەوەی مرۆڤ، ئەگەر بڵێم ڕۆژانە ڕەنگە زێدەڕۆیی نەبێت، لە تەلەڤزیۆنی "کوردستان تیڤی KTV"ەوە دەیبینێت، کە بە لێشاو خەڵک و عەشامات، پیر و گەنج، ژن و پیاو و منداڵ، خوێندکار و نەخوێندوو، کارمەند و وەرزێر، حیزبی و ناحیزبی، سۆران و کرمانج، کاکەیی و ئێزدی و شەبەک و عیسایی و شیعە و سوننە، عەرەب و تورکمان، گەرمیانی و کوێستانی، کەونەپێشمەرگە و کەونەجاش و کەونەبەعسی و کەونە شتی دیکە و...هەموو پۆل پۆل ڕوودەکەنە بارزان و سەردانی مەزاری نەمران دەکەن. تەواوی ئەو خەڵکە ئەو هەموو ڕێگە دوورانە دەبڕن و خۆ دەخەنە سەختی و دژواری و مەترسیی ڕێگەی خراپ و ترافیکی خراپی کوردستانەوە، بۆ ئەوەی بچنە سەردانی مەزاری نەمران. ئەگەر ئەو خەڵکە بە ویست و حەز و ئارەزووی خۆیان ئەو سەختییە وەبەر خۆیان بدەن و وەها کارێک بکەن، ئەوا جێی خۆیەتی باس بکرێن و پێشان بدرێن، بەڵام هەر لە دیتنی نووسراو و دروشم و وێنە و تابلۆ و ئەو هەموو تاجەگوڵینە زەلام زەلامانە و تەواوی ئەو شتانەی، کە پێیانە و هەڵیانگرتووە و لەگەڵیاندان مرۆڤ تێدەگات، کە ئەو هەموو شتانە و ئەو ڕێوڕەسم و ڕێپێوانانە، کارگەلێکی هەروا هەڕەمەکی و لەخۆڕا و دەسبەجێی نین، بەڵکە نەخشەبۆدارێژراون و ڕێکخراون و بە هاندانی دەسگا حیزبی و حوکوومەتی و دەسەڵاتدارەکانی پارتیی دیموکراتی کوردستان دەکرێن و ئەنجام دەدرێن و تەلەڤزیۆنی کوردستانیش وەک ڕێکلامێک بۆ پارتیی پێشانی دەدات. لێ ئەوەی بڕێک ئاوەزی هەبێت و کەمێک بیر لەو شانۆگەرییە بکاتەوە، باش لەوە تێدەگات، کە ئەو کارەی تەلەڤزیۆنی پارتیی دەیکات، هەرگیز بە قازانجی پارتیی و نێو و پایە و شایستەیی بارزانی ناگەڕێتەوە، بەڵکە ڕێک پێچەوانەی ئەوەیە و بەو کارەی زیانێکی یەکجار زۆر و مەزن بە نێوی بارزانی و پایەی وی و خۆشەویستی وی لە دڵی خەڵکی کورددا دەگەیەنێت. ئەو کارە لەگەڵ تەواوی ڕێزمدا بۆ بارزانی، کە بێگومان مەزنترین سەرکردەی کورد بووە لە هەموو مێژووی کورددا، سووکایەتییە بە بارزانی و بارزانیزم. مرۆڤ ئەگەر بیرێک لە ژیانی فرانکۆ، هیتلەر، ستالین، مۆسۆلینی، لێنین، پینۆشێ، سەددام حوسەین بکاتەوە، هەرگیز وەها کارێک ناکات و هەرگیز، سەردانی ئارامگەی نەمرانی وەک بارزانی، ناکاتە ئەرکێک و نە بە زۆر و نە هاندانیش خەڵک بۆ وەها کارێک ناخاتە ڕێ، ئەگەر خەڵک بۆ خۆیان و بە ئارەزوو و ویستی خۆیان نەیکەن. ئەگەر خەڵکیش بە ویست و ئارەزووی خۆیان وەها کارێک بکەن، ئەودەم هیچ پێویست ناکات لە تەلەڤزیۆنەوە و

هەموو ڕۆژێک ئەو بابەتە پێشانی خەڵکی کورد بدرێت. هەزاران خەڵکی کورد هەن، بێ ئەوەی کەس پێیان بزانێت و بێ ئەوەی هیچ میدیایەک ئاگای لێیان بێت، وەک وەفا و خۆشەویستییەک بۆ بارزانی، بۆ خۆیان و بە ویست و ئارەزووی خۆیان و بێ هیچ ڕازاندنەوە و بەزم و هەرا و بەبێدەنگی و ئەوپەڕی ئارامییەوە، بۆ خۆیان دەچنە سەردانی مەزاری نەمران لە بارزان. با میدیاکانی پارتیی، ئەو خۆشەویستییەی خەڵکی کورد، بۆ نەمران مەلا مستەفای بارزانی و ئیدریس بارزانی، کاڵ نەکەنەوە و ڕێزێک بۆ ئەو خەڵکەی، کە بە ڕاستی بارزانییان خۆش دەوێت دانێن و لێگەڕێن ئەو خۆشەویستییە ڕاستینەیەی خەڵک نەبێتە دیمەن و خۆهەڵکێشان و مەرایی و خۆبردنەپێشەوە و ماستاوساردکردنەوە و مامەحەمەیی. من دڵنیام لەوەی ئەگەر بارزانی بۆ خۆی ئێستاکە لە ژیاندا بووایە، هەرگیز وەها کارێکی وەک ئەوەی میدیاکانی پارتیی دەیکەن، قەبووڵ نەدەکرد. بەڕاستی گوناهە بارزانی وا لێدەکرێت و گوناهە بازرگانی بە بارزانییەوە دەکرێت و گوناهە سەدان کەسی تا دوێنێ نەیاری بارزانی و تا دوێنێ بەدگۆ و جنێودەر بە بارزانی و تا دوێنی دوژمن بە کورد و کوردستان و تا دوێنێ ساختەکار و فریودەر، ئەوڕۆ تەنێ بۆ خۆبردنەپێشەوە و بۆ دەستکەوت و بۆ گیرفانپڕکردن و بۆ پایە و...، ئەوڕۆ وەک وڵاتپارێز و بارزانیست و کوردپەروەر و خەباتکار، دەبرێنە سەر مەزاری بارزانی. بەو کارە میدیاکانی پارتیی و بە تایبەت کوردستان تیڤی، ئازاری گیانی بارزانی دەدەن و لێناگەڕێن بارزانی بە ئارامیی لە مەزارەکەی خۆیدا ئۆقرە بگرێت و بحەوێتەوە.

2005/3/18